نێچیرڤان بارزانی سەرکۆنەی هەوڵی تیرۆرکردنی دۆناڵد ترەمپ دەکات

سەرۆکی هەرێمی کوردستان، نێچیرڤان بارزانی سەرکۆنەی هەوڵی تیرۆرکردنی دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی پێشووی ئەمەریکا دەکات و دەڵێت: "زۆر نیگەرانم لە هەوڵی تیرۆرکردنی سەرۆکی پێشوو دۆناڵد ترەمپ، من سەرکۆنەی بەکارهێنانی توندوتیژی دەکەم بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییە سیاسییەکان و توندوتیژی نابێت لە سیاسەتی ئەمڕۆدا جێگای هەبێت، بیرکردنەوەم لەگەڵ سەرۆک ترەمپ و خێزانەکەی و هەموو قوربانییەکانی ئەم هێرشەیە".

زانیاری زیاتر...

ئەمڕۆ یەکشەممە، لەمیانەی گردبونەوەیەکی جەماوەری لەشاری پنسلڤانیا، تەقەکرا لە دۆناڵد ترەمپ سەرۆکی پێشوی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و کاندیدی ئێستای پارتی کۆماریی بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمەریکا.

بەگوێرەی زانیارییە سەرەتاییەکان، دۆناڵد ترەمپ بەسوکی بریندار بووە و هێرشبەر هەوڵی تیرۆرکردنی ترەمپ-ی داوە، ناوی مارک ڤایۆلێت-ە کە ئەندامی ڕێکخراوی چەپی توندڕەوی ئەنتیفایە و لەلایەن پۆلیسەوە دەستبەجێ کوژراوە.